Stichting Kurdish Web · Kurdish Web Corporation
کوردیش وێب
www.kurdishweb.net

# شەهیدکردنی شەوبۆ ی 19 ساڵ

قوربانیەکی تر لە کوردستانەوە ( شەهیدکردنی شەوبۆ ی 19 ساڵ ) بەدەستی چەندتاوان بارو خوێن ڕێژێک.

کۆمەلەی کوردیش وێب بەتوندی ئەم تاوانانە پرۆتستۆ دەکات و داوای سزادانی ئەم تاوانبارانەدەکات کە کوشتنی (ژنان) یان لە کوردستان کردوەتە نەریتێک کە کۆمەڵگای کوردی تێدا زەرەرمەند دەبێت . ( شەهید کردنی شەبۆ ) بەدەستی چەند تاوانبارێک ناسەقام گیری و بێ یاسایی لە کوردستاندادەسەلمێنێت.

دەبێت لەدەستەڵات داران بپرسرێت:

ئایا ساڵی چەند هەزار ژن کە خوشک یان دایک یان کچی کوردن دەکرێن بەقوربانی و بەپاستاوی جۆراو جۆر دەیان کوژن ؟

ئایا کوشتنی ئەم ژنانە پەیوەستە بە ( تیرۆر یان مادەی 140 یان گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ؟

ئایا ئەم تاوانانە عەرەبە شۆفێنیەکان ئەنجامی ئەدەن یان بەدەستی کورد و زۆربەشیان بەرپرسانی پارت ودەسەڵاتدارەکانن ؟

خودی ئەم تاوانانە چەندین پرسیار لە خۆ دەگرێت بەڵام دڵنیاشین دەستەلات وەڵامی پێ نیە .

دەبێت گشت کوردیک ئەم تاوانانە بەتوندی پروتیستۆ بکات و داوای بەسزاگەیاندنی تاوانباران بکات تاچیتر کۆمەلگای کوردی ئەم نەریتە چەپەڵ و گەندەلیەی تێدا پەیڕەونەکرێت . دەبێت لەگەڵ هەمووتاوانێکی هاوشێوەدا ( کچەکوردی شەهید دوعا ) یادەوەری بێت و نەفرەت لە تاوانباران بکرێت.

کۆمەڵەی کوردیش وێب 24-05-2007

